**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٦**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠/ ١٠/ ١٩٩٧**

## بڕیار

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و هەردوو برگە (٢.١)ی مادده (٣٥) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٩٧دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم: زیادکردنی هەر یەک لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە ناوەکانیان لەخوارەوە هاتووە بۆ ئەندامێتی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان هەروەک لە بەرامبەر ناوی هەریەکەیاندا نووسراوە.

١. بەڕێز سەفەر ئەحمەد حسێن ئەندامی لیژنەی کاروباری یاسا
٢. بەڕێز وریا ئەحمەد دزەیی ئەندامی لیژنەی کاروباری خوێندنی باڵا.
٣. بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد ئەندامی لیژنەی کاروباری ناوخۆ و ئەندامی لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٤. بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەندامی لیژنەی کاروباری خوێندنی باڵا و ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزە.
٥. زاهیر محەمەد ئیبراهیم ئەندامی لیژنەی کاروباری کەلتوور و ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان.
٦. خاتوو زەهرا حاجی تەها ئەندامی لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردن و ئەندامی لیژنەی نەخشەکێشان و پەرەپێدان و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان.
٧. بەڕێز یار ئەحمەد افراسیاب ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ئەندامی لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٧**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠/١٠/١٩٩٧**

## بڕیار

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٩٧دا ئەم بڕیارەی دەرکرد:

١. بەرهەڵلاکردنی هەموو مامەڵەیەکی بە موڵک کردن و گۆڕینەوە (معاملات الاستملاک والاستبدال) لە هەرێمی کوردستان، کە بەپێی بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ڕاگیرابوو.
٢. کار بە هیچ دەقێکی هاودژی حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکرێ.
٣. دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.
٤. ئەم بڕیارە لە مێژووی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**